سەرۆك کەمار پێشوازی لە وەفدی ئەنجومەنی دامەزرێنەری سەندیکای پرۆگرامسازان دەکات

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە وەفدی ئەنجومەنی دامەزرێنەری سەندیکای پرۆگرامسازان بە سەرکایەتی بەڕێز سەعید عەبدولکەریم غەزبان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی سەرکایەتی کەمار لە دیدارەکدا، کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 28-3-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کەمار جەختیکردەوە لە گرنگی ڕۆڵی پرۆگرامسازان لە پەرەپێدانی کاری حکومەتی ئەلیکترۆنی و پەرەپێدانی پرۆگرامسازی بەئەوەی هاوتەریب بن لەگەڵ پێشهاتە خێراکانی جیهان بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و بەرنامەسازیدا، ئاماژەیکرد بە ڕۆڵی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کەمەگەی مەدەنیە-یش لە پشتیوانیکردنیان لە کاروبارەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی پلانەکانی لە ڕەگەی چاودێریکردن و بەدواداچوون بە کاری ئەندامانی.

سەرۆك کەمار ئاماژەیکرد بە پێویستی پشتیوانی و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان لە توێژی خوێندکاران و خاوەن پسپۆڕیی زانستی و هزری، هەروەها دەستبەرکردنی چاودێری و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەتایبەتی لە مەسەلەی ڕێکخستنی کاروبارەکان و ڕەوشونە کارگێییەکان.

لای خۆیانەوە ئەندامانی وەفدەکە پێزانینی خۆیان بە بایەخپێدانی بەڕێز سەرۆك کەمار بە پەرەپێدان و بەهێزکردنی لایەنی زانستی و ئەکادیمی دەربڕی، هەروەها ڕونکردنەویان لەبارەی ئەنجومەنی

دامەزرێنەری سەندیکای پرۆگرامسازان خستەو.

هەروەك ئەندامانی وەفدەكە ئومێدیان خواست پاڵپشتی بكرێن بۆئەوەی لە ئەنجومەنی نوێنەران، پرۆژەیاسای دامەزراندنی سەندیكاكەیان پەسند بكرێت.